## پەیامێکی خێرا
## بۆ بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ئەگەرچی زۆربەی نوسەر و رۆشنبیرانی کورد لەگەڵ شێوازی دەربڕینەکانی د. کەمال سەید قادردا نەبوون، بەڵام دەرەنجامەکانی شێوازی گیران و دادگاییکردنی ئاراستەیەکی تریان وەرگرت و ئەزموونی ئازادیان لە کوردستان خستە ژێر تاقیکردنەوەیەکی قورس و زۆر گران.
زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی لەسەر ئەو کێشەیە هاتوونەتە وەڵام دڵسۆزی کێشەی نەتەوەکەیانن و ئامادەشن لەو پێناوەدا تێکۆشەر و کۆڵنەدەر بن. لای کەسێکیش لەو بەرێزانە شاردراوە نیە کە هەزاران رۆڵەی گەلەکەمان گیانی خۆیان لە پێناو ئازادی و رزگاری بەخشیوە و زۆربەشیان لەژێر سەرپەرشتی و پێشەوایەتی بەرێزتان بوونەتە ئامانجی گوولەی داگیرکەران و دوژمنانی گەلەکەمان.
چونکە کێشەی گەلەکەمان تا ئەو چرکە ساتەش لابەلانەبۆتەوە و تازە لەسەرەتای رێگایە، ئەمرۆ رەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە، بەڵام بۆیشی هەیە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادیەکانی تاک ئەو دۆستایەتیە نەهێڵێ و کێشەی د. کەمال و شێوازی دادگایی کردنی و کۆمەڵێک کێشەی تر ئەو رەهەندانە بسرێتەوە و ئەو دۆستایەتیە سنووردار بکات.
وێرای ئەوەش خەباتی دەیان ساڵەی گەلی کوردستان رۆڵەکانی گەلی کوردیان فێری ئازایەتی و چاونەترسی کردوون و بۆیشی نیە کەسێک رازی بێ تەنانەت بەرێزتانیش کە ئازادی بەرەو دواوە بگەرێتەوە.
کێشەی د. کەمال ناکرێ ئاوا بە ئاڵۆزی و نادیاری بمێنێتەوە، ناشکرێ کێشەیەکی ئاوا ببێتە هۆی ناشیرین کردنی ئەزموونی ئەمرۆی کوردستانی ئازاد. هەر وەکو ئەو شێوە دادگایی کردنەش لە ناشیرین کردنی دادوەری لە کوردستان و یەکەم ئەزموونی سەرۆکایەتی بەرێزتان بۆ یەکەم ئەزموونی ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتەکەمان، مانایێکی تر نادا بەدەستەوە. بۆیە داوا لە بەرێزتان دەکەم نەک وەکو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵکو وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەرچی زووە ساتەوەختێک بۆ ئەو کێشەیە تەرخان بکەیت و یەکلایی بکەیتەوە.
کێشەی ئازادی و رزگاری گەلی کوردستان پیرۆزی و دادوەری لێدەچۆرێتەوە، کەسایەتی بەرێزیشتان لەو ئاستەدان کە هەمیشە لە ریزی داخوازیەکانی هاوڵاتیانی خۆتاندا بن و سنوورێک بۆ ئاڵۆزی و گرژیەکاندا بنێن.
یەکنەگرتنەوەی هەردو ئیدارە،
گەندەڵی لە هەر ئاستێکدا بێت،
کێشەی ئازادی و رادەربرین،
قەیرانی هاوولاتی بوون نەک هاوحیزبی بوون،

پێویستیان بە چارەسەر و بەدواداچوون هەیە، هەر ئەو کێشانەشن کە ڕۆشنبیری کوردیان هەراسان کردووە. شانازی و گەورەییە بۆ بەڕێزتان ئەگەر سەرجەمی ئەو کێشانە لە ژێر سەرپەرشتی بەڕێزتان و لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئێوەدا بە ئاکامێکی گوونجاوو چارەسەری شیاو بگەن، دڵنیاشم ئەو چاکسازیانە بۆ ئێوە بە سەروەری لە قەڵەم دەدرێن، بەڕێزیشتان لە هەموان باشتر دەزانن کە مێژوو بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە.

هەموو ڕۆشنبیران و هاوڵاتیانیش چاوەڕێی وەڵامێکی بە پەلەی بەڕێزتانن،

لەگەڵ ڕێزو حورمەتی زۆرماندا،

مافناس ئیبراهیم مەلازادە
هۆڵەندا
2005/12/26
bmalazada@gmail.com